# نێچیری هەفتە

11-5-5200

- ڕۆژنامەیەك نووسیوییەتی : كۆنگرەی یەككگرتووی ئیسلامی بەڕێوەیە ئەگەری سكرتێر گۆڕین كەمە , ئێ گییانە خۆتان بیگۆڕن با ئەوانیش چاوتان لێ بكەن , ئەوەی لەسەر كورسی دانیشت لە كوردستان وەك قیرو زفت لێی نابێتەوە .

- تا ئێستا ئالاكەی بەعس تەنگەتاوی كردبوین , ئێستا لە كوردستان ئاوازی مەرسومی جمهوریش زیادی كرد؟؟؟ , خوایە بەس مەجلس قیادەی سەورە بارەگای سەرەكی نەیاتە كوردستان مەمنونیین بە هەموو ئەوانی كە .

- لە هەولێر دەنگۆی ئەوە هەیە , هەڵواسینی وێنەی سەرۆكی نوێی عێراق مەمنووعە , خۆ كۆنەكە مەمنووع نەبوو ؟؟, قوڕ بەسەر دیموكراسی سەرۆك وای لێبكرێت چی بە خەڵك ئەڵێن .

- وەزیرەكانی جەعفەری سوێندییان نەخواردووە بە حكومەتی فیدراڵی دیموكراتی , ئەمە گلەیی و گازندەی ناوێت , شتێك لە ئیسلامدا نەبێت سوێند خواردن پێی حەرامە , ئەوان درۆ لەگەڵ خۆیان ناكەن , خۆتان غەشیم مەكەن مانگە شەو سەر لە ئێوارە دیارە , دیموكراسی و فیدراڵی كەی لە ئیسلامدا هەبووە تا سوێندی پێ بخورێت .

- بەرپرسی نەزاهەت دێتە كوردستان , نازانم دێت خۆی بسمیلەكات , یان پارچە زەوی وەرە گرێت , یان داوای خانەنشینی دەكات ؟؟؟ .

- كاك دلێر محەمەد شەریف ئەندام پەرلەمانی سوێند نەخواردووە , نازانم معاشییان بۆ حیسابە یان چاوەڕوانی موباشەرە دەكەن , برام جاری سوێندت نەخواردووە چۆن لە ئاست ناوەكەت لە ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان نوسیووتە ئەندام پەرلەمان , 5 مانگت ڕۆیی 5ی كەت ماوە, بە 5 نەتوانیت سوێندێك بخۆیت , بە 500 یش ناتوانیت قسەیەك بكەیت .

- عارف تەیفور دەڵێت : لیستی کوردی لە پەرلەمانی عێراقی لە ئاستی خواستی کورددا نییە , گرنگ ئەوەیە لە ئاستی خواستی پارتەکان بێت , کورد لە کوێ و بەرپرسان و وەزیرو ئەندام پەرلەمانانمان لە کوێ , جارێ فێری عەرەبی بین خوا کەریمە بۆ ئاست , دکتۆراکانتان خوێنەوارییان نەبێت , ئەوانی کە بزانن ناوی خۆیان بنوسن مەمنونیین .

- خەڵکی کەرکووک داوای پەلەکردن لە پێکهێنانی ئەنجومەنی شار دەکەن , کەیفی خۆیانە با سڕە بگرن , ئەوان هێشتا ئەزمونییان لە سیاسەتی دەبڵ حکومەت و دەبڵ حیزب نییە , دروشمی سەرەکی هەموو شت لە پێناو کورسیدایە , بۆیە دڵ و قودس نەما بوون بە کەرکووک کورسی و خەزێنەی کوردستانە .

- لە سەرەتادا خۆشەویستترین و ئازیزترین و بەوەفاترین خەڵك لە لام هەولێرییەکانن , خۆڵی بەر پێڵاوی قوربانییانیم. دەڵێن کوو ئەم گەنجانە خۆیان دەتەقێننەوە . بابە لەسەر ماچێك هەرزەکارێك ئامادە بێت خۆی بە کوشت بدات , چۆن بۆ 72 حۆری قژ زەرد خۆی ناتەقێنێتەوە , هەولێرێك هەزاران حوجرەو بارەگای حیزبی دابەشکردنی حۆری تێدا بێت , ئەوەندە هەر هیچ نییە .

- لە ڕۆژنامەی برایەتی نوسراوە : کورد سەلماندی لە تەنگانەدا هەموویان یەك دەست و یەك دەنگ و یەك هەڵوێستن . بەڵام لە بیرتان چوو یەك گیرفان و یەك وەزیفەو یەك تەسکییە و یەك زەوی نیین .